# شەرم و ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕۆمانی (لاکێشە ڕووناکەکان) عە بدوڵڵا سەراج دا

**ID No. 126**

(PP 49 - 56)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.2.4

**كەنار یاسین عمر** **سەلیم ڕەشید صاڵح**

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

kanar.omar@su.edu.krd salim_shwani@yahoo.com

**وەگـــــرتن : 2021/11/10**

**پەسندكردن : 2021/12/19**

**بڵاوكردنەوە : 2022/03/28**

**پوختە**

پوختەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یەلەخستنەڕووی دیاردەدەروونییەکان لەڕۆمانی (عەبدوڵڵا سەراج)و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کەسەکان لە مەنەلۆگ و دایەلۆگەکانی نێو کەسەکان دیارە،جگەلەشیکردنەوەی لایەنی دەروونی کەسەکان چەند هەڵسوکەوتێکی کەسەکان دەخاتەڕوو.

ترس و شەرم دوودیاردەی دەروونی بەشێکی مرۆڤەلە نێو کەسێتی کەسەکان دائەم دوودیاردەیی ترس وشەرمیش دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی کەسەکانی نێو ڕۆمان وتوشی هەڵچون وگۆڕان لە هەڵسوکەوتەکانیان لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆماندا.لەسەرجەم ڕۆمانەکانی نوسەر دائەودیاردانە دەبینرێن لە کەسێتی پاڵەوانەکانیدائەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ڕۆمانەکانداشەپۆلی هۆش زۆر زاڵە لە شیکردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی پاڵەوانەکان.

**کلیلە وشە:** شەرم ،ترس ،دڵەڕاوکێ،دەروون ،شەپۆلی هۆش.

## پێشەکی:

ئەم باسە تایبەتە بە دیاردەی شەرم و ترس بە شیوەیەکی گشتی و ڕەنگدانەوەی لە کەسێتی کەسەکانی نێو ڕۆمانەکانیی( عەبدوڵڵاسەراج )هەر لەو بەش و ڕونکردنەوەیە لەبارەی دۆخە دەرونییەکان و هەڵسوکەوتەکانیان و کاریگەریان لەسەر دروستبونی کەسێتی کارەکتەرەکانی ڕۆمان ،لە هەمان کاتدا باس لە پەیوەندی نێوان شەرم و ترس کراوە لە گەل خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و هۆکارەکانی دروستبونی ئەو دیاردە دەرونییانە، وەك ترس لە تاریکی یان بەهۆی ڕوداوێکەوە وەك نێوان ژیان و مردن ، بە پەسەندم زانی باسەکەم لەو بوارە بە چەند بەش و بڕگەیەك بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی تەکنیکی نوسەر لەو بارەوە بناسێنم.لە ڕێگەی پراکتیزە کردنی لە ناو ڕۆمانەکەداهەروەهاله نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاواز بەستراوە.

-شەرم و ترس و دڵە ڕاوکێ :-

شەرمنی نەخۆشییەکی دەروونی بەربڵاوە ، لە نێو کۆمەڵگەکان کەوا لە مرۆڤ ئەکات چاڵاکی و بەهرەی نەمێنێ و بەرەو دواوەی ئەبات ، کە زۆرجار لای مرۆڤ شەرمنی ئەبێتە گرێیەکی دەروونی زۆر بەهێز ، کە تاك بە ئاسانی ناتوانێت لێی دەربازبێت ، بە جۆرێك مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی دەروونی ناخۆش و تووشی گۆشەگیری و دووریەرێزی دەکات .

(( ئەو جۆرە هەرزەکار و منداڵانەی لە ئەنجامی شەرمەوە لە ناو کۆمەڵ و قەڵەباغیدا هەست بە دڵەراوکێ و ترس و ناخۆشی دەکەن ناتوانن خۆیان لەگەڵیان بسازێنن)) (قەرەچەتانی ، 2004 ، ل 44) .

کەسی شەرمن ناتوانێت لەناو کۆمەڵدا هەڵسوکەوتی سروشتی خۆی بکات و بە هەمیشەیی خۆی بەدوور ئەگرێت لە تێکەڵابوونی خەڵك و خۆی ئەشارێتەوە .وەک دیاردەیەکی ترسناک دەرگای خۆشیەکان دادەخات چونکە شەرمنی پەیوەندی بە ناخی کەسێتی هەیە.شەرم((لەڕووی دەروونییەوە.شێوەیەکە لە شێوەکانی ترس)).(حە مەد ،2004، ل27).

هەروەها ترس : هەڵچوئێکی دەروونیە بەهۆی کاردانەوەی رووداوێك دروست ئەبێت ، کە لەمرۆڤ جیانابێتەوە ، لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ترس بەشێك بووە لەو شتانەی کە لە دەورووبەری مرۆڤ بە رووبەرووی بۆتەوە ، زۆر جۆر هۆکار هەن بۆ دروست بوونی دیاردەی ترس لای مرۆڤ ، کە لە ژینگەیەکەیەوە بۆ ژینگەیەکی کە لەو کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەگۆرێت وجیاوازە.دەتوانین بڵێین ترس:((لەهەمووجۆرەکانی نەخۆشی دەروونییدا، ڕەگەزێکی هاوبەشە و هەستکردنێکی درێژخایەنە بەئارامی و ترس و تۆقینی دووره وەخت)).(جەباری،**2004**ل.**113**) **.**

(( ترس و شەرم ، وەکو دوو دیاردەی ترسناك زیاتر پابەندن بە ناخی کەسێتی ، ئەگەر لە حاڵەتی نائاسایی بوونی خۆیان لایاندا ، مرۆڤێکی ناتەندروست بەرهەم دەهێنێت کە کار دەکاتە سەر دروستبوونی کەسێتی ترس لە حاڵەتی تەنیایی و بێ تێکەڵ بوون زۆرجار روو دەکاتە مرۆڤ ، بەڵام شەرم لەگەڵ هەڵسوکەوت کردن و تێکەڵ بوون و قسەکردن لەگەڵ کەسانی چواردەوری خۆی ، شەرم رووئەدات)).

(ڕەسول، 2012،ل 156) .

ترس :هەڵچوونێکی ئاسایی و سرووشتی مرۆڤە، یەکێکە لەو حەوت هەستە جیهانییەی کە هەموو کەس لە جیهاندا ئەزموونی دەکات، ترس بە هەرڕەشەی ژیان، یان جەستەیی، سۆزیی، یان دەروونی، ڕاستەقینە و خەیاڵیش دروست دەبێت.

سەبارەت بەدڵە ڕاوکێ : دڵەڕاوکێ حاڵەتی هەستکردنی مرۆڤە بە دڵەڕاوکێ وترس و تۆقین ، ئەم گرێ دەروونییە بە حاڵەتێکی تێگەیشتن دەژمێردرێت لە مرۆڤ دا .

(( دڵەڕاوکێ هەڵچوئێکی دەروونیە و ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە ترسێکی گشتگیر یاخود بۆ ترسیەك کە ڕوودانی نزیکە یان هەڕەشە و ترسێك کە سەرچاوەکەی نادیارە ، هەر کاتێك ئارامی و ئاسایشمان لەدەست دا تووشی دڵەڕاوکێ ئەبینەوە ، دڵەڕاوکێ دەروونی جۆرێکە لە دڵەڕاوکێ بەردەوام لە زەینماندا بوونی هەیە چونکە ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ بەهیچ شتێکی دیاریکراو پەیوەست نییە و هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکیشی نییە دڵەڕاوکێ ئەوەیە کە مرۆڤ بەردەوام هەست بە دڵتەنگی و پەژارەو وەڕەسییەك دەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا دەترسێت ، دیاردە و خاسیەتەکانی ترس و دڵەڕاوکێ زۆر لە یەکتر نزیکن و لە زۆر لاینەوە لەیەکتر دەچن بەلام جیاوازی سەرەکی نێوانیان ئەوەیە کە ترس کاتییە و سەرچاوەکەشی زانراوە ، بەڵام دڵە ڕاوکێ بە پێچەوانەوە ، بەردەوامە و سەرچاوەکەشی نەزانراوە ، بەم پێیە دڵەڕاوکێ حاڵەتێکی دەروونیە و وەڵامدانەوەیە بۆ مەترسیەکی ناوەکی نادیار و و نەزانراو ، ترسیش حاڵەتێکی دەروونییەو وەڵامدانەوەیە بۆ مەترسییەکی دەرەکی زانراوە لەم بارەیەوە فرۆید پێی وایە : ((کە دڵەڕاوکێ حاڵەتێکە تاك لە ترسەوە تووشی ئەبێت ، لە ئاکامیشدا دەبێتە مایەی دڵتەنگی و غەمباری پەستی و کەسی تووش بوو بە دڵەڕاوکێ هەمیشە میزاجی گرژە ، ڕەشبینە و ڕاڕایە لە ژیاندا ، زۆریش بواری بە توانای خۆی نیە لە زاڵ بوونی بەسەر گرفت و ئازارەکانیدا)).( سەعدون ، 2015، ل 453) دڵەڕاوکێش جۆری زۆرە بە پێی بارودۆخ و کەسایەتیەکان دەگۆڕێت و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ، ئاستی ئەم دڵەڕاوکێیەش لای هەندێك کەس بەرزە و بەڵام لای ئەوانی تر مامناوەندە یان نزمە ، بە پێی ژینگەوکۆمەڵگا کانیش جۆرەکانی دڵەڕاوکێ گۆڕانی بەسەردا دێت .

ژیانی مرۆڤ بەسروشتی خۆی لەبەردەم کۆمەڵێک ئاستەنگ ومەترسی و نا دڵنیایی و گرفتەکان و جەنگ و زۆر فاکتەری تردایە،کە هەندێکیان بوونیان هەیە،هەندێکی تر لەناو مێشکە وهەندێکی تر پەیوەندی بە لێکدانەوەی ئینسانەکەوە هەیە بۆ داهاتووی کەوا لە مرۆڤ دەکات لە بەردەم جۆرێک لە دڵەڕاوکێ دابێت.

دڵەڕاوکێ :بریتیە لەنائارامی و نارِەحەتی لەبارەی ڕووداوەکانی هەموو ڕۆژێکی ژیان، بەبێ بوونی هیچ هۆیەك بۆ نارِەحەتبوون. ئەو کەسەی کە نیشانەکانی دڵەڕاوکێی هەیە هەمیشە پێشبینی کارەسات دەکات و ناتوانێت نارەحەت نەبێت لەبارەی تەندروستی خۆی، پارە، خێزان، کارو فرمان و خوێندنگا. وەك چۆن ئەو کەسانە زۆربەی کات دڵەڕاوکێکەیان واقیعی نییە یان هاوتانییە لەگەڵ مەوقیفەکەداو ژیانی ڕۆژانەیان دەبێت بەحاڵەتێکی جێگیرو پڕ لەدڵەڕاوکێ و ترس و هەڵاتن.

**-هۆکارەکانی دڵەڕاوکێ:**

((دڵەڕاوکێش هەروەک نەخۆشەیە دەروونییەکان تاکە هۆکارێکی دیاری کراوی نییە بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری ڕێخۆشکەر هەن بۆ دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە لەم هۆکارەکانە:

1: هۆکاری بۆماوەیەکان وەک (پێشتر دایک یان باوک تووش ئەو نەخۆشەیە بوبێت)

2: هۆکار ژینگەیەکان وەک ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتێکی تراومای)).(خزمەتگوزاری تەندروستی نەتەوەیی.(**2019** ).

--پراکتییزەکردنی دیاردەیی شەرم و ترس و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی لە نێو ڕۆمانەکەدا:

**-دڵەڕاوكێ لە ڕۆمانی كاتژمێردا :-**

دڵەڕاوكێ وەكو حاڵەت و هەڵچوونی دەروونی ڕووبەڕووی بەشێكی زۆری كاراكتەرەكانی نێو ڕۆمان ئەبێتەوە ، كە لە ئەنجامی دوو دڵی و ترسەوە دروست دەبێت بە پەرەدەسێنێت ، ئەم بارودۆخەش زیاتر ڕووبەرووی من لە ڕۆماندا ئەبێتەوە كە لە ژیاندا تووشی پەشێوی وبێزاری دەبێتەوە ، بەهۆی ڕووداوێك كە ڕووی داوە یان لەوانەیە روو بدات زۆرجاریش بەهۆی لەدەست دانی ئارامی و ئاسایشەوە دروست دەبێت و زۆرجار ئەم دڵەراوكێیە بۆ كاتێكی زۆر لە زەین دا ئەمێنێتەوە هەر وەكو لە نوونەیی ئەم دەقەدا ئەبینین :((سەدان دەم هەمان شتیان دەجووی .لێدوانی خەڵك لە شێوەی پرسیاردا بوو ، وەڵامكێش تینویەتیان بشكێنێت تۆ بڵێ وا بكات ؟ ! بەڵام بۆ لەوێ ؟ لە رۆژی هەینی و لەگەڵ بانگی ئێوارەدا !! دەبێ شێت بێت ! سەری لێ شێواوە ؟ .... بەڵام بۆ وادەكات ؟ بۆ ؟)). ( سەراج ، ل 12) .

هەر وەكو لەم جۆرە دڵەڕاوكێیەدا ئەبینین كە لەسەرچاوەكانی نادیارەوە سەرچاوە گرتووە كەسانی تووشی دڵەڕاوكێ و دوو دڵی و ڕاڕای بوونە لە ژیاندا كە بە شێوەی سكاڵا دەری دەبڕن و بەهۆی هەست كردن بە چەوسانەوە و هەڕەشە و ئازار بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی دڵەڕاوكێیەكان هۆكارێكن بۆ تێكچوونی لایەنی دەروونی بۆیە زوو چارەسەری ئەم دڵەڕاوكێیە نەكرێت و كۆنترۆڵ نەكرێت ئەوا دەكرێت ئەگەر بێت بۆ شكست و هەرەس هێنان نووسەریش لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەی لە مۆنۆلۆگ و بەشەكانیدا بەڵام شێوەیە گوزارشتی لێكراوە.

**-دیاردەی شەرم لە ڕۆمانی پاسكیل دا :**

شەرمیش یەكێكە لەو دیاردە دەروونیانەی كە زۆرجار دەبێتە كۆسپێكی دەروونی زۆر كاریگەر لە ژیانی تاكدا كاریگەری ئەبێت لەسەر ژیانی و هەنگاوەكانی بۆ خۆشبەختی مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێكی گۆشەگیری و دووره پەرێزی دووركەوتنەوە لە خەڵك لە دەقی ڕۆمانەكەدا كارەكتەری سەرەكی ڕووبەڕووی بارودۆخێكی شەرم بۆوتەوە دەڵێت:((لای بانقێك وەستاو ناوی بانقەكەی خوێندەوە چووە ژوورەوە ، لە ژوورەوە ، چاوەروانی ، جانتای ئاووس لەگەڵ ئێشی پاژنەكەی ، چاویان ئەبلەق كرد . ژمێریارەكە پێنج دینارەكەی دایە ، ئەم شەرمی بەخۆی هات ، لە دەرەوە ، لای كۆگایەك پێنج دینار تریشی لە گیرفانی هاوێشتە سەری)) .( سەراج ، ل 192 ).

ئەو شەرمە بۆتە هۆكارێكی گرێیەكی دیكەی دەروونی ، كە ڕووبەرووی كارەكتەر بۆوتەوە ، جا بەهۆی بەئاگاییەوە بوویێت یاخود بێ ئاگاییەوە بوویێت وەكو گرێی هەست بەكەمی كردن لەلای دەردەكەوێت ، چونكە شەرم دیاردەیەكی نائاسایی یەهەلسوكەوتی نائاسایی بەدواوەیە . زۆرجاریش بەهۆی خۆ بەراوردكردنی كەسێك لەگەڵ ئەوانی تر ئەم دیاردەیەی شەرم دروست دەبێت .

**-ترس لە ڕۆمانی مەلۆتكەدا :**

ترس جۆری زۆر هۆكاری جیا جیای هەیە ، زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی بارودۆخەی كە ترسەكە تێیدا دروست دەبێت لە نموونەی ئەم ڕۆمانەدا خەسلەتە دەروونیەكە سەرچاوە و هۆكارەكەی ترسە بە ڕوونی و ئاشكرای لە لایەن كاراكتەری سەرەكیەوە دەردەكەوێت،بەهۆی دیدێكی تایبەتی ڕۆماننووسە وەخراوەتەڕوو، ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەی ترس لەم نموونەیەدا بەهۆی هۆكارێكی كۆمەڵایەتیەكە تییادا كاراكتەرەی سەرەكی بەهۆی تووشبونی بە ڕووداوێكی لەناكاو و ناپاكی هاوسەرەكەی بۆ دەرئەكەوێت و تووشی شڵە ژان و ترس و دڵە ڕاوكێ دەبێت بەهۆی ئەم ڕووداوەوە . دەڵێت:((ڕەحیم هەستی بەبرسیەتی و ئیشی ئەژنۆكانی كرد وخۆی وەكو مەیموونە وانێك ئەدیت كە وێڵ و عەوداڵی مەیمونەبێ سۆراخەكەی بێت..... چاوەڕوانیەكی تاڵ و گورچك بر ژوورەوەی هەنجن هەنجن كرد . لێكدانەوەیەكی ئاڵۆزی ڕەش و وەك جاڵجاڵۆكەیەكی ژەهراوی مێشێكی لێخین كرد هەر دەقەیەكی لەلا بارتەقەی مانگێكی ڕەبەق بوو گوێی ترپەی دڵی بوو هەر وەكو كاتژمێرێكی تاڵ لۆكە بێت ، ئاسمان و ئەستێرەكان بەكراسێكی ڕەشباوی نیتك نیتك دەچوون . ئەو تاریكیەی هەزاران پشیلەی ڕەشبوون چرنوكەكەیان لە ناخی دەگرت دگانی جیر دەكردەوە)).

(سەراج ، ل 217 ) .

پاڵەوانی سەرەكی بەهۆی ئەو ڕووداوەی بەسەری هاتووە بۆتە هۆی سەرچاوەی ترس و دڵە ڕاوكێ بەرامبەر بە خێزانەكەی گرژی و پەشێوی و شڵەژانی دەروونی و تێكچوونی بارودۆخی سەرچاوەی سەرەكی بۆ ترس و بەهۆی كاردانەوە بۆ ئەو ڕووداوە بەسەریدا هاتووە ، بۆتە هۆكارێك بۆ كۆتایی هاتن بەخۆشییەكان و دڵ و دەروونی بەهۆیەوە گری سەندوە دڵە ڕاوكێش هۆكارێكە بۆ نائارامی بوونی مرۆڤ لە ژیانیدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانكارییە جەستەیی و دەروونیانەی كە بەسەر تاكدا دێن هەر وەكو لە نموونەی پیاو ژندا كارەكتەری سەرەكی بەهۆی داب و نەریتی كۆن بە زۆرە مایەی دایكی و دراوەتە باوكی ، جا بەهەر هۆیەك بێت بەردەوام نەگونجان

و کێشە لە نێوانیان دا بوونی هەیە زۆرجاریش ئاشت ئەبوونەوە یاخود ئاشت ئەکرانەوە بۆیە کاراکتەری سەرەکی دەڵێت : ((ئێستا پرسیارێك بۆتە هەوێنی دڵەراوکێ و خوت خوتە ئەندۆمر، ئەویش ئەنجامی زۆران و گەرمە سێرەیان بەچی دەگات )).(سەراج ، ل26). ئەم دڵە راوکێیە بۆتە هۆی پەشێوی و بێزاری کارەکتەر و لەگەڵ خۆدواندن و گفتوگۆ کردن و تێکچوونی میزاجی بەهۆی ئایا کەی ئەم کێشەیە و ئاژاوەیەی نێوانیان بە کۆتا دێت هەروەها لە دەقێکی تردا بەهۆی ترسی زۆری ئافرەتێکەوە پەنای بردۆتە بەر دادگا بۆ سکاڵا کردن لە هاوسەرەکەی لەبەر ئەوەی هەرچی ئەبێت بۆتە هۆکاری هەرەشە لێکردن و شەرانگێزی و چەوساندنەوەی و ئازاردانی لە لایەن هاوسەرەکەیەوە بۆتە هۆکاری ترس بۆی . وەکو کاردانەوەیەك بووە لەبەرامبەر رەفتاری هاوسەرەکەی ، دەڵێت :((هەڕەشی لێکردووە کە ئەمجارەش کچی بوو سێ بەردە بخاتە مشتیەوە! ئەویش بەقازییەفەنی بڵێ : ئەوە کەی ڕەوایە و لەکوێ ئەتك و ڕیسوای وا بەژن کراوە ؟! (سەراج ،ل 261 ) لێرەدا هۆکاری ترسی ئافرەتەکە بەهۆی ئازار و هەڕەشەی پیاوە لەبەرامبەر ئافرەت و چەوساندنەوەی وەکو ئەوەی ئەو هۆکار بێت بۆ ئەوەی لە بۆچی هەر منداڵی کچیان ئەبێت !؟ ئەمەش جگە لە چەوساندنەوە ئافرەت کە و بێڕێزی کردن بەرامبەر لەلایەك لەلایەکی ترەوە بە کەم ڕەوانین لە منداڵی کچ لە بەرامبەر منداڵی کوڕداو مەترسی هەڕەشە کردن لە دەروون سەر هەڵدەدات کاردانەوەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە.

**-دلەڕاوکێ لە ڕۆمانی ئەڤین دا:**

دلەراوکێ حاڵەتیکی دەروونییە و وەڵامدانەوەی بۆ مەترسییەکە زۆرجار نادیارە و سەرچاوەکەی نەزانراوە.

((دڵەڕاوکی یان قەڵەقبوون ،بی ئۆقرەی ماوەیەکی زۆرە لە دەروونناسیدا وەک یەکێك لە ناسراوترین سەمپتۆمەکانی تێکچونی دەروونی ناسراوە وەسفەکانی ئەم حاڵەتە هەمە دیاردە جەستەیەکان : وەك تووند بوونی هەناسە ، لێدانی خێرای دڵ ، توند بوونی ماسوڵکەکان ماندوویەتی بێ هۆ و بەردەوام سەرئێشە ئارەقە کردنەوە لەرزینی دەست یان پێ دەگرێتەوە )).(عەزیزی ، 2021 ، ل 59 ) .

هەستی کاراکتەر و ترس و دڵە ڕاوکێ بەرامبەر بەم کەسەی کە خۆشی ئەوێت لەم دەقەدا ڕوون ئەبێتەوە : ((بگەڕێوە مەگەڕێوە ئەی چی ..... زوو بگەڕێوە بە قسەی ئەو فریو نەخۆیت، دیسانەوە جووتە کەسە زۆر بڵێیە کەی ناخم دەرفەتیان بۆ رەخسا کە دیتیان من وا کەوتوومە ناو گۆمی دوو دڵی و گومانەوە...برۆ مەرۆ))(سەراج، ل 315 ).کە بۆتە هۆکارێکی بێزاری گفتوگۆی کاراکتەر لەگەل خۆیدا بۆ بە ئەنجامێك و هۆکارێکە بۆ دروست بوونی خەم پەژارەو تێکچوونی باری دەروونی کاراکتەری سەرەکی دوو د و ڕاڕایە لە ژیانیدا و باوەڕی بە توانای خۆی نەماوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو بارودۆخەی کە تێی کەوتووە و بەناخی خۆیداڕۆچووە و پرسیار لە خۆی ئەکات کە نائارام و بە گومانە بەهۆی ئەو حاڵەتە دەروونیەی دووچاری بۆوتەوە .

**-ترس لە ڕۆمانی گەڕانەوەدا :-**

بوونی ترس پەیوەستە بەهۆکاری جیاوازەوە ، ڕووبەڕووی تاکەکان دەبێتەوە ، لە دەقی ئەم ڕۆمانەدا باس لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو دەکات کە چۆن زوڵمی لەگەلی کورد کردووە و ئەوانەی کە خەریکی بەرگری کردن بوون لە نیشتیمان نەیان ئەتوانی بە شێوەیەکی ئازادانە هەلسوکەوت بکەن و بگەڕێن لەناو شاردا لێرەدا ( باوکی شیلان) لەم مرۆڤێکدا بە نهێنی هاتۆتە ماڵ و بۆتە هۆکاری ترس لە لایەن خێزانەکەیەوە وە لەبەر سیاسەتی ڕژێم مەترسیەکانی سەریان و ئازاردانیان لەلایەن دارو دەستەی رژێمەوە بۆتە هۆکارێك دروستبوونی ئەم ترسە کاتێك (باوکی شیلان )ئەچێتەوە مال بەنهێنی وئەلێت : ((خۆم شاردەوە پەنجەم نایەسەر زەنگەکە بێ ئەوەی ماوە بەدەم پرسیاری ( کێ )لێ بکریت وتم : گوڵچین بیکەرەوە خۆمم باوکی شیلان ، زووکە دەی بێ دەنگ وا دیاربوون سامی پشکنین و شاڵاو بردن دانیشتوانی شارەکەی تاقاندبوو لە دیوی دەرگاکەوە هەستم بە دەستی ترسێك کرد)).( سەراج ، ل34).

بەهۆیەوە گوڵچین زمانی بەسترابوو ولە جێگای خۆی ڕاما ترس کاریگەری خۆی نواندنەوە بەسەر کەسێکی نێو ڕۆمانەکە کە باوکی شیلان و گوڵچین و مانەوەی خۆی لە دەروونیاندا هەیە بەهۆی هێرش و پەلامار و زولمی سیستەمکاران و شاڵاو ئەکەنە سەریان و مەبەستیان لێی لەناوبردنی تاکی کوردە بەهەر جۆرێك بێت و بەهەر هۆیەك ، بێ گومان ئەم هۆکارەش جێگای ترس و شڵەژان و ناجێگیری بارودۆخی دەروونییە . بەهۆی شەر و کارەسات و نەبوونی ئارامی و ئاسایش و دادپەروەری تاك ترس و دڵەراوکێ ئەکات جێگر نەبوونی بارودۆخی دەروونی کاراکتەرەکان بەهۆی واقیعەی کە تێیدا ئەژی.

**-خەمۆکی :-**

خەمۆکی ئەو هەڵچوونە دەروونیەیە کە ڕووبەڕووی زۆربەی مرۆڤەکانی ئەبێتەوە ، وەکو نەخۆشییەکی دەروونی ڕوبەڕوی زۆربەی کەسەکان ئەبێتەوە لە هەر چین و توێژێکدا بێت .(( زۆرترین ئەوکە سانەی تووشی ئەبن، کە هەستی خۆیان لە دەروونیاندا خەفە

دەکەن و دەری نابڕن و زۆریان ڕوودەکەنە هەندێ کار بۆ دوورخستنەوەی ئەو هەستە خەمۆکییە وەکو بەرهەمی وێژەیی و بیری هونەری)).

(شەیدا، 2000،ل 67) .

(( خەمۆکی حاڵەت و بارێکی دەروونییە،لە خەمبارییەکی چڕ یاخود خەستی بەردەوام کە لە دۆخێکی ئازاراوی نادیار کەسی خەمۆك خۆشی بەتەواوی سەرچاوەی ئەو دڵتەنگی و خەم و خەفەتەی تووشی بووە نایزانێ)). (عبدالسلام ، ل 429 ).

هەمیشە مرۆڤی ڕەشبین بەرامبەر بە ژیان تووشی خەمۆکی ئەبێتەوە بەردەوام هەست بە دڵتەنگی ئەکات ، لە گرنگترین هۆکارەکانی خەمۆکیش ئەوەیە کەکەسێک لە ژیاندا نەتوانێت بەشی خۆی لە سۆز و خۆشەویستی تەواو لە دەوروبەری وەرگرێت .

ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە دووچاری زۆربەی زۆری مرۆڤەکان ئەبێتەوە بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ڕێژەیەکەی ئەگۆڕێت .

هۆکاری سەرەکیش بۆ دروست بوونی دیاردەی خەمۆکی لەدەست دانی هیوا و ئومێد بەرامبەر بە ژیان و ئەو ڕووداوانەی لە ژیاندا دووچاری مرۆڤ ئەبنەوە ، هەست بە لاوازی دەسەڵاتیان ئەکەن لە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر بە ڕووداو پێش هاتەکان .

دەرهاویشتەکانی خەمۆکی زۆرن لەوانە:نەبوونی دەسەڵاتی بڕیار دان، شت لە بیر چوونەوە، ناڕەزامەند لە زۆربەی ئەو کاروپیشانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەبێتەوە.جگەلەو خوێندنەوانەی  کە سەرجەم قوتابخانەکانی دەروونی وەکو(دەروونشیکاری، سایکۆداینامیک....)بۆ دیاردەی خەمۆکی کردویانە.

بەگشتی دونیا بەلایەنی نەرێنی ودیوێکی تاریك ئەبینێت ، هەروەها ئەم هەڵچونە دەروونیە کاریگەری هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و خۆ ڕەوشت و لایەنی هەست و سۆز و لایەنی دەروونی و جەستەیی مرۆڤیش دەبێتە هۆکاری گەلێك نەخۆشی وئازارو نا ئومێدی لە ژیان. ئەم دیاردە دەروونییە لای نووسەر و ئەدیبان ئەبێتە پاڵنەرێك بۆ نووسین و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی رێك و پوخت لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە گوزارشت ئەکەن لە ئازار و خەم و ناخی و ئەوکێشە و دەردەسەریانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە بچوکترین ڕووداو ناخی ئەوهەژێنێت و خەمباری دەکەن ، زۆرجار ئەو بەهۆی نەدرکاندن و شاردنەوەیان بە نهێنی ئەبێتە هۆی دروست بوونی داهێنان لەبواری ئەدەبی دا .

**-دیاردەی خەمۆکی لە ڕۆمانەکەدا:**

**خەمۆکی لە ڕۆمانی بە خەڵوزیش نیگار دەکێشرێت :**

خەمۆکی یەکێکە لەو بابەتانەی کە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ئەدەب و هونەردا هەیە . نووسەریش ئەزمونێکی کۆنی هەیە بۆ خۆدەرباز کردن لەم خەمۆکییە پەنای بردۆتە بەر کاری ئەدەبی .

لەم ڕۆمانەدا ئەو بارە دەروونییە و خەمۆکییەی کە پاڵەوان تووشی ئەبێت جۆرێکە لە خەفەت  و ئێش و ئازاری دەروونی جەستەیی دەڵێت:(ئای کاتی ڕاکردوو،ئای تاقیکردنەوەی تاڵ، چەند ئازارم دەدەن )). (سەراج،ل 22).

وەکو ئەو بارەی کە کاراکتەر تێی کەوتووە بەهۆی تاقیکردنەوەکانی تەمەن و ڕۆیشتنی کات بۆ سەرچاوەی خەمۆکی ئازاربۆی ، کە بۆتە هۆی ماندوو بوون وبێزار بوونی لە ژیان ، تووشی بارێکی نائاسایی کردووە .

بۆتە سەرچاوەی لەدەستدانی خۆشیەکانی ژیانی،کە ئەم خەمۆکییە بۆتە هۆی دروستبوونی جۆرە هەستێک لای کاراکتەرلە ئەنجامی دڵەراوکێ وبەربەرەکانێ دەروونی بەرامبەر بە ژیان تووشی بووە ڕۆماننووس لە شێوەی وێنەیەکی هونەری جوان گوزارشتی لێوە کردووە .

**خەمۆکی لە ڕۆمانی مردوو خەون نابینێ :-**

گرنگترین هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ بەشی خۆی لە گرنگیدان سۆز و خۆشەویستی لە دەوروبەردا کەسە ئەزیزەکانی پێ نابەخشرێت .

لە نموونەی ئەم ڕۆمانەدا رۆماننووس باس لە کاراکتەرێك دەکات ، کە تووشی بارودۆخێك و شڵەژانێکی دەروونی زۆری کردوە و بەردەوام لەگەڵ خۆیدا لە گفتوگۆدا دایە دەربارەی ئەم شۆخە دەڵێت:(( عەوداڵی دڵێك بووم ، لە ئامێزێك ، دەگەڕام گەرمم بکاتەوە تەنیایی شەختەیە ، بەستەڵەکم )) دیارە لێرەدا تەنیایی گۆشەگیری کاراکتەر کە سەرچاوەی خەمۆکین بۆی بەهۆی پێ بەش بوونی بووە لە سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر .(( دوێنێ ئەو باڵا زراڤە لە هەمان جێگا و لەسەر هەمان تەختە دانیشتبوو.. . بۆ نەچمە تەکی دڵخوزای خۆمی بۆ هەڵبژێرم لەوانەیە ئەویش وەکو من سوتابێت وکۆڵی ژان و سووتووی هەڵگرتبێ بزانە ژان سوودی چەند زۆرە کەبەزوویی متۆوهۆگری یەکترمان دەکات ژان زمانێکی جیهانییە )).( سەراج ، ل88).

کاراکتەر باس لەناکامی و خەمی خۆی لەگەڵ خۆیدا ئەکات وڕۆ ئەچێتە ناوەوەی خۆی وەسفی باری نالەباری و ئازارگرانیی دەروونی خۆی خستۆتە روو ، هەوڵی داوە کەسێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕازی دڵی خۆی بۆ دەردەخات و سۆز و خۆشەویستی بۆ

دەربرِێت ، بەهۆی ڕوكردنی بۆ ئەو ئافرەتەی کەچەند جارێك بینویتی تاكو ئاسودەیی و ئارامی دەرونی خۆی بەدەست بهێنێ و لەو دۆخە دەروونییە دژوارەی کەتێی کەوتووە رزگاری ببێت ، هەروەها بەهۆی مۆنۆلۆگەکانیش خوێنەر ئاشنا دەبێت بە دڵ و دەروونی کاراکتەر لە ڕێگەی پەنابردنە بەر ئەم ئامرازە بۆ گوزارشت کردن لە ڕازەکانی ناوەوەی پاڵەوان

**-خەمۆکی لە ڕۆمانی باران ناوێك هەبوو :-**

لەم ڕۆمانەدا باس لە لاوازی دەسەڵاتی مرۆڤ و جیاوازی چینایەتی جیاوازی نەتەوایەتی وزوڵم و زۆرداری دەكات .

لە ڕێگەی کاراکتەری سەرەکییە و رۆماننووس هەندێك ڕووداو بەرجەستە ئەكات کە ڕووداوی ڕاستەقینەی ڕۆژانەن ڕووبەڕووی زۆربەی خەڵك ئەبێتەوە بە تایبەتترئەو نەتەوانەی کە لە ژێر زوڵم و جەوری ستەمەکاران دان و دەچەوسێنرێنەوە کە بۆتە هۆی بێزاریان لە بەرامبەر ئەم جۆرە دەسەڵاتانە داو هەستکردن بە خەم و ترس و دڵەڕاوکێ و ئازار .

لەم دەقەدا کاراکتەری سەرەکی کە ناوی ( بارام )ـە لە ئەنجامی زۆرداری زوڵمی ستەمکاران کاری لێکردووە و بۆ ئەو هۆکاری خەفەت و ئازار بۆ خەڵکی ناوچەکە و دەڵێت : (( ئەم ئەنجامی دەرەبەگی و زۆرداریيە )).

(سەراج ، ل 165) دیارە ئەم دیاردە دەروونییە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە لە ناخی دا گڵی داوەتەوە بۆتە  سەرچاوەی خەمۆکی باری ناجێگیر دەروونی .

لێرەدا ((هونەرمەندانێتی نووسەری تێدایە ، دوایی دیمەنێکی تریان لێ دروست دەكات بەهاتنەوەسەرباسە ڕەسەنەکە)). (سالح، 2001 ، ل 93 ).

**-خەمۆکی لە ڕۆمانی ئۆتۆمبێل دا :**

جەمسەری خەم لە چەند لایەنێکە و ڕوو لە کاراکتەری سەرەکی ئەكات و ڕۆماننووس بە جۆرێك وێنای ئەكات و نیشانی خوێنەری ئەدات وەکو ئەوەی خوێنەر خۆی لە نێو ڕووداوەکان دابێت .

لەم دەقی ڕۆمانەدا کاراکتەری سەرەکی (سالار) ـە لە سۆزی باوکێتی بێبەش و دایکی بۆی هەموو شتێکە ، هەر شتێکی پێویست بێت لە ئەوداوا ئەكات تاوەکو بۆی جێبەجێ بکات ، لێرەدا حەز بە کڕینی ئۆتۆمبێلێك ئەكات وخەو بەوەوە ئەبینێت کە هەیبێت و یاری پێبکات ، بەلام بەهۆی دەردی هەژاری و نەداریەوە ، دایکی تۆ لە توانایدا نییە بۆی بسەنێت ئەمەش بۆتە سەرچاوەی خەفەت و دڵشکان و ئازار و دروست بوونی ژینگەیەك لای کاراکتەری سەرەکی کە جیاوازە لە هەر منداڵێکی تری ئاسایی کە مافێکی سەرەتایی ئەوە بە هەبوونی یارییەکی منداڵانە .

((ژانی دایکی پەرەی سەند و گزارەی کێشا ، هەر وەك لەگەڵ گەورەیەکدا بدوێ وتی : کوڕی شیرینم ، پارە لە کوێ بێنم ؟ خۆ ژیان بۆتە مەرگە مووش گرانیش لەبرەودایە و وەکو گورگی هار قەپۆزی لێمان دا.پچریوە ئاسمانیش پیرخەنیمان بۆناباراتێنێت )). (سەراج، ل 258) .

ئەم وتانەی دایکی هێندەی تر ئاواتەکانی سالاری گوم کرد نا ئومێدی کرد بۆتە هۆکاری خەمۆکی بۆی نەهاتنە دی خواستەکانی بەهۆی بارگوزەرانی خراپەوە بێ بەش لە سۆزی باوکێتی ئەمانە هەموو بونەتە هۆکار سەرچاوەی خەمۆکی کاراکتەر،کە هۆکاری سەرهەڵدان و دروست بوونی ئەم دەقە لە لایەن ڕۆماننووسەوە ڕەنگ درێژکراوەی ئەو خەمانەی سەردەمانی زوویی و منداڵی ئەو بێ هەر وەکو فرۆید دەڵێت: ((ڕووداوێکی گرنگی ئێستا،لە لایی داهێنەر ، بیرەوەری ڕووداوێکی کۆن زیندوو دەکاتەوە ، کە زۆرجار ئەو ڕووداوە ڕووداوی سەردەمی منداڵییە ، لەم ڕووداوە ئارەزوویەك سەر هەڵئەدات کە دەیەوێ لە بەرهەمی ئەدەبییدا ئەو ئارەزووە تێر بکات)). (ڕەسول ، 2012،ل 163).

کەواتە نووسەر لە ڕێگەی شۆڕبوونەوە بە نێو ناخی کاراکتەردا نیشانی ئەو بارودۆخە دەروونییەی سەردەمی پێشووی ئەدات، ئەویش لە ڕێگەی وەسفکردنی ئەو بارۆدخە ناجێگیر و دەروونییەی کە منداڵێکی خەمبار لە چینێکی هەژار پێیدا تێپەر دەبێت.

**هەروەها لە ڕۆمانی ڕاوە گورگ دا :-**

باس لە منداڵێك دەكات کە بەردەوام چاوەڕێی هاتنەوەی باوکێتی و لە سۆز و خۆشەویستی ئەو بێبەش بووە و بۆتە منداڵێکی نائاسایی و گۆشە گیر ، هۆکاری سەرەکی خەمۆکی ئەون و هۆی بێ نەوایی و بوونی خەمێکی توند و چەندە ها پرسیار لە دەروونیدا دروست ببوون ، بەردەوام ئومێدی هاتنەوەی بە ئەو هەبوو دەڵێت:(( زۆر پرسیاری بەجێ لە دەروونمدا پەنگی دەخواردەوە ،

چاوەروان بووم ڕۆژی لە ڕۆژان وەڵامەکانیانم چنگ بکەوێ ، ئەم بارە نائاساییە ، هەمیشە مێشکی ئەگوشی و پەرەی لە ڕۆژنامەی تەمەنم هەڵئەدایەوە ، ئاواتی لێکردم ،کەمترلە کوڕی هاورێکانم دەرکەوم )). ( سەراج ، ل 342 ) .

کە شوێنەواری دەروونی و برینی قوڵی لە دڵی ئەم منداڵەدا بەجێهشتووە و بۆتە هۆکاری نائارامی و دڵتەنگی و خەمۆکی و زیاد کردنی ئازارەکانی و تێکچوونی باری دەروونی ، بۆیە کاراکتەری سەرەکی هەستێکی پر لە غەریبی،و ئازار و خەم بەرۆکی گرتووە و بەردەوام لەگەڵ دەروونی خۆیدا لە پرسیار و گفتوگۆدایە دەربارەی باوکی و وون بوون و دیارنەمانی تابلۆیەکی بە ئازارن بۆی .

**-خەمۆکی لە ڕۆمانی چیرۆکنووس دا:-**

دیاردەی خەمۆکی کاریگەری زۆری بەسەر مرۆڤی ئاسایی وکەسانی نوسەر و ئەدیبانیش دا هەیە ، کە ئەگەر چی کاریگەرییە کە ڕێژەیش بێت . فاکتەرێکی گرنگە بۆ ڕەنگدانەوەی لە نێو بەرهەمی ئەدەبی دا بۆ بەتاڵکردنەووەی ئەم حاڵەتە دەروونییە و تارادەیەك قەرەبووکردنەوەی ئەو هەستەی کە لە دەروونیدایە .هەر وەکو فرۆید بۆی دەچێت: ((چونکە عەقڵی باتین دانەمرکاوەتەوە لە کارنەکەوتووە ، بەڵکو بە ئاگایە و ئەکتیڤە کار دەکاتە سەر ژیانی عەقڵی ئادەمیزاد بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات)).

(سەعدون ، 2015،ل 423) .

لەڕۆمانی چیرۆکنووسدا : ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە گۆشەنیگای خۆیەوە ئەدوێت و دەربڕی هەستی خۆیەتی سەبارەت بە نووسین و ژیان و گلەیی ئەکات کە زمان تەنیا زمانی شەو و قورگ نییە بەڵکو زمانی ڕەنگ و هێڵیشی کردۆتە سەرچاوەیەك بۆ دەربڕینی بیرۆکەکان .

دەڵێت: ((ئەوەی نوسیومە چیرۆك نییە ... گرێی ئاوێزانی ڕستە و وێنەکانی و ترۆپکیش بە پەنهانی وا لەناو گشت هەستەکاندا ئۆباڵی ئەم چواندنە لە ئەستۆی سەردەمەکەیە و هەر ئەم بەڵگە هەست پەنای پێ بردوومەتە بەر زمانی دراما و هونەری شێوەکاری... هێلکاری ... بێدەنگی ... بۆشایی و ڕەنگ و وێنە و مۆنتاج و تاشین و کۆلاج ، کەڵکیش لە سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆژی وراستگۆلۆجی .. وەردەگرم بۆپتەوکردنی دەربڕینەکانم پێیم دەلێت زمانەکەت جەنگەڵێکی چروسامناکە .... منیش وەڵامم ئەمەبووە بۆچ زمان تەنیا زمانی وشە و قورگە ؟ ئەوەی دەمەوێ بیدرکێنم ئاشکرا و دیار وەکو کۆترێکی سپی بێ لە ناو سەوزە زەلانێکا)).( سەراج ، ل 295) .

بەهۆی ناڕەحەتی ژیان و چەوساندنەوە و زوڵم و جەوری سەردەمەکەی بۆتە هۆکارێك بۆ سەرچاوەی خەمۆکی بۆ ڕۆماننووس و هەوڵی داوە لە ڕێگەی ڕەنگ وهێل و بێدەنگی گوزارشت لەوە بکات کە لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە ئەو هەموونەهامەتی و خەم و پەژارەی کە ڕووبەڕووی خۆی و میللەتەکەی ئەبێتەوە بەهۆی زوڵمی ستەمکاران لە ناخیدا کڵپەی داوە ، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆکاری خەمۆکی خستۆتەڕوو بۆ ئەوەی بتوانێت لەڕێگەی ئەم دەربرینانە ئاسودەیی و ئارامی دەروونی بەدەست بهێنێت کە زیاتر ئاماژەن بۆ هەستی کوردایەتی وئایدۆلۆژیای کوردبوون وجەوروزوڵمی ڕژێمی بەحسی پێشوی ڕووخاو ڕووبەڕووی سەردەمە کە بۆتەوە ئەو خەمۆکییە بۆتە هۆکاری ئەم جۆرە دەربرینانە کە زۆرجار بەمە ناوی ئەبەن پەنای بردۆتە بەر زمانێك کەپێی وتراوە چڕوسامناکە.

**ئەنجام:**

١.پەیوەندیەکی پتەولە نێوان ئەدەب و دەروونناسی داهەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زۆر جارنوسەر هەوڵدەدات لەرێگەی دەروونی خۆی بگات بە بابەتێکی ئەدەبی.

٢.ڕۆمان بابەتێکە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی کەسەکانی نێو ڕووداوەکانە،دەروونی کەسەکانیش بەردەوام جێگیر نییەبەڵکو لە گۆڕان دایە بەپێی ئەو بارودۆخانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ڕۆمانی (لاکێشە ڕووناکەکان)یش ئەم دیاردەیە بەڕوونی دەردەکەوێت.

٣.ڕۆماننوس بەشێوەیەکی کارامە و لێهاتووجەختی لەسەر ئەوپەیوەندییە کردۆتەوەکە لە نێوان دیاردەکانی شەرم و ترس و دڵەڕاوکێ داهەیە لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٤.شەرم و ترس و دڵەڕاوکێ پانتاییە کی فراوانی نێو دەقەکانی ئەم ڕۆمانەی گرتۆتەوە،ئەم سەرچاوە ترس و دڵەڕاوکێیەش بۆتە هۆی دروستبوونی مرۆڤێکی بێ هەڵوێستی خاوەن دەروونێکی ناجێگیر.

٥.خەمۆکی وەک دیاردەیەکی دەروونی لە ئاکامی ڕووبەڕوونەوەی مرۆڤ بە کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانەوەدوچاری مرۆڤ دەبێتەوە،بۆتە هۆی لە دایک بوونی چەندین دێری تری ئەم ڕۆمانە

کەبەهۆی شکستەکانی ژیانی مرۆڤەوە دروست بوونە.

**٦.**کاریگەری بەشێک لە دیاردە دەروونییە کان هۆکارێکی نەرێین بۆسەر خودی تاک و کاراکتەر،ئەم فاکتەرانە ڕۆڵییان هەبووەلە پێشخستن و دواخستنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان.

## سەرچاوەکان:


١.جەباری،عمریاسین.(٢٠٠٤)ژیانی مرۆڤ لە ڕوانگەی دەرونزانییەوە،وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.

٢.حە مە د،یوسف عثمان.(٢٠٠٤)گەنج و گرفتە دەروونییەکان،بەرگی یەکەم،چاپی سێیەم،لەبڵاوکراوەکانی نەواڵەی نوێ،چاپخانەی منارە،هەولێر.

٣.ڕەسوڵ،هەڵمەت بایز.(٢٠١٢)ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حسن دا،چاپخانەی موکریانی.هەولێر.

٤.ساڵح،سەلیم ڕەشید.(٢٠١٢)شێواز لەکورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

٥.سەراج،عەبدوڵلا.(٢٠٠٧)لاکێشە ڕووناکەکان،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.

٦.سەعدون،سامان عزالدین.(٢٠١٥)دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە،چاپی یەکەم،ناوەندی غەزەلنوس،چاپخانەی تاران،هەولێر.

٧.شەیدا،محمدکەریم.(٢٠٠٠)نەخۆشیە دەروونیەکان،دەروون لەشیەکان(سایکۆماتی) ،چاپی یەکەم،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٨.عبدالسلام،حامد،الصحةالنفسيةوالعلاج النفسي.

٩.عەزیزی،بەیان.(٢٠٢١)دەرونشیکاری جەستەی قوربانی کەمنم کە ژنم،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی ڕۆسا،هەولێر.

١٠.قەرەچەتانی،کەریم شەریف.(٢٠٠٤)سایکۆلۆژیای هەرزەکارولاوان،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.هەولێر.

١١.ڕێکخراوی خزمەتگوزاری تەندروستی نەتەوەیی،(٢٠١٩)[ئۆنلاین]دەستدەکەوێت لە: **https://www.nhs.uk/mental-health/conditions/generalised-anxiety-disorder/overview**/ ڕۆژی سەردان(٢٠٢١.١١.١).


### العار والخوف والقلق في رواية (لاكيشه رووناكەکان) عبدالله سراج


**كەنار ياسين عمر** **سليم رشيد صالح**

كلية تربية- قسم كوردي / جامعة صلاح الدين-اربيل

kanar.omar@su.edu.krd salim_shwani@yahoo.com



**ملخص**

ملخص هذا البحث يظهر الظواهر النفسية في رواية (عبدالله سراج )وكيف يتصرف الناس في المانولوجات والحوارات بين الناس وبصرف النظر عن تحليل الجوانب النفسية للناس ،فإنه يظهر بعض سلوكيات الناس . والخوف والعار هما الظاهرتان النفسيتان لجزء بشري في شخصية الناس وهما ظاهرتان للخوف والعار يسبب قلق الناس في الرواية ويواجه تغيرا في سلوكهم في أحداث الرواية في كل روايات المؤلف هذه الظواهر ويمكن رؤيتها في شخصية أبطالها مما يجعل موجة العواطف في الروايات تهيمن على تحليل سلوك الأبطال .



**كلمات الدالة** :من العار والخوف والقلق وعلم النفس وموجات من العواطف.


### Shyness fear and worry in novel (Lakeisha rwnakakan) Abdullah Saraj


**Kanar Yaseen Omar** **Salim Rashid Saleh**

Department of Kurdish - College of education / Salahaddin University-Erbil

kanar.omar@su.edu.krd salim_shwani@yahoo.com



**Abstract**

The conclusion pf this research is showing psychological manifestations within novel of (Abdulla Sarraj) and how to deal with the persons, individuals and their communications.

Despite analyzing psychological site of the persons, it shows behaviors of the persons.

Fear and shyness are two psychological statuses for each person and within personalize of individuals and both shy and fear are become the reason of worrying of individuals of the novel and they meet anger and change of their behavior within the novel scenes. These shows can be seen in novels of the writer from the hero characters that are led to appear feeling wave as a higher and up in the novel in analyzing behaviors of the heroes.



**Keywords:** shy, fear, worry, psychological, feeling wave.